سوپای پاسداران شەهیدبوونی خامنەیی پشتاستدکاتەوە و هەڕەشەی "تۆڵەیەکی سەخت" دەکات



سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە راگەیەندراوەکی فەرمی دا شەهیدبوونی عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای وڵاتەکی پشتاستکردەوە و بەنی "تۆڵەیەکی سەخت" لە ئەمریکا و ئیسرائیل دەدات.

لە راگەیەندراوەکی سوپای پاسداران کە ڕۆژی یەکشەممە، 1ـی ئاداری 2026 باوکراوەتەوە، هاتووە: "شەهیدبوونی سالاری شەهیدانی شۆڕشی ئیسلامی و نائیبی بەهەقی حەزرەتی وەلیعەسر، ئیمام خامنەیی لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا، لە ئوممەتی ئیسلام و گەلی گەورەی ئێران پیرۆزبایی و سڕەخۆشی دەکەین."

سوپای پاسداران، هەڕەشەکی خستووەتە ئەستۆی ئەمریکا و ئیسرائیل و رایگەیاندووە: "ئەم کارە تاوانکاری و تەرۆریستییەی دوواتانی پیسی ئەمریکا و رژێمی زایۆنی، بزاندنی ئاشکرای هەموو بنەما ئاینینی، ئەخلاقی و یاساییەکانە؛ بێ دەستی تۆڵەی گەلی ئێران بە سزادانەکی سەخت، بێبەزەیی و پشیمانکەرەوە، بەرەکی بکوژانی ئیمامی ئوممەت بەرنادات."

لە بەشەکی دیکەی راگەیەندراوەکەدا جەخت لە بەردەوامیی "ڕەبازی ڕەبەر"ـی کوژراوی ئێران کراوەتەوە

و ئاماژە بۆ دراوە: "بە شەهیدبوونی ئیمام خامنەیی، رێباز و سیرەی ئەو ناوەستێت و بە هێز و شکۆیەکی زیاترەوە بەردەوام دەبێت. ئەم شەهیدبوونە گەلەکەمان لەسەر درێژدان بەو رێگە نوورانییە سوورتر دەکات."

سوپای پاسداران ئاماژەی بۆش کردووە، کە هێزە چەکدارەکانی کەماری ئیسلامی و بەسیج، بە هەموو هێزیانەوە پارێزگاری لە میراتی خامنەیی دەکەن و لە بەرامبەر هەر پیلانێکی ناوخۆیی و دەرەکی دڕندانەوە و "سزایەکی وانەبەخش" دەدەنە دەستدرێژیکاران.

لە کۆتایی راگەیەندراوەکەدا، داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی کەمپەینگێی ئێران کراوە، بە ئامادەبوونی حەماسانەی خەیان لە گۆڕەپانەکان دا، یەکێیزیی نیشتمانیی خەیان نیشانی جیهان و "دووژمنە تێرۆریستەکان" بدەن.